The Centre of Halabja
Against Anfalization and Genocide of the Kurds
C.H.A.K
www.chak.info

C.H.A.K
The Centre of Halabja

Nawendî Helebce
Dij be Enfalkirdin u Cinosaydî Gelî Kurd
ÇAK
contact@chak.info

# دەربارەی پڕۆژە یاسای شەهیدان و ئەنفالكراوانی كوردستان

**سلاو و جەژنە پیرۆزەتان لێ بێ**

**دیارە یاسای كەسوكاری شەهیدان و ئەنفال , دوای ئەوەی رەشنوسەكەی بە بەشداری رێكخراوو كۆمەڵەكانی ئەنفال و كیمیاباران لە لایەن وەزارەتی كاروباری شەهیدان و ئەنفالكراوانی كوردستان ئامادە كرا, پاشان وەزارەتی ناوبراو لە كۆنفرانسێك كە لە لایەن خۆیانەوە هەڵدەسورێنرا, نەیانتوانی هەقی پێویست بەن بە گفتوگۆ راو سەرنجی بەشداربوان , چونكە ئەو دەستەیەی كە هەم سەرپەرشتیار و هەم تۆماری تێبینی بەشداربوانیان دەكرد , كە راستەوخۆ لە لایەن وەزیری شەهیدان و ئەنفالەوە سەرۆكایەتی دەكرا, دیارە گومانی ئەوە لە لایەن ئامادەبوانەوە دەكرا, كە تەواوی راو سەرنجی بەشداربوان وەك پێویست تۆمار نەكەن, بۆیە ئەو كۆنفرانسە نەیتوانی ئەو رەشنوسی یاسایە وەك پێویست دەوڵەمەند بكات, دواتر ئەو دەستنوسە وەك پڕۆژە یاسایەك دراوەتە پەرلەمانی كوردستان,**

**دیارە ئەوە ماوەیەكی زۆرە كەسوكاری قوربانیانی گەلەكەمان وێرای رەخنەو گازاندەیان لە پڕۆژەكە, بەلام لە هەمان كاتدا, كەسوكاری قوربانیان و رێكخراو كۆمەڵەكانی ئەنفالوكیمیاباران دوای تێپەڕبوونی ئەو ماوە درێژە بە پەرۆشەوە چاویان بڕیوەتە دانیشتنی خولە یەك لە دوایی یەكەكانی پەرلەمان بەڵكو ئەو پڕۆژە یاسایە گفتوگۆ بكەن و بە قازانجی كەسوكاری قوربانیان بە تایبەتیش كەسوكاری ئەنفالكراو و كیمیابارانی گەلەكەمان و باشتر كردنی ژیان و گوزەرانیان بڕیاری لەسەر بدرێت.**

**دوای ئەوەی ناوەندی چاك –كوردستان چەند جارێك پەیوەندی كرد بە سەرۆك و ئەندامانی بەشی مافی مرۆڤ و بەشی یاسایی پەرلەمان, دیارە بە پێی قسەی ئەوان تەنها چەند برگەیەك لەو پڕۆژە یاسایە گفتوگۆ لەسەر كراوە و تەواو نەكراوە, هۆیەكەشی ئەوەیە كە بەرێز وەزیری كاروباری شەهیدان و ئەنفالكراوانی كوردستان بۆ چارەسەركردنی پزیشكی سەردانی دەرەوەی وڵاتی كردووە.**

**ئێمە لە كوردستان ئاگاداری ناڕەزایی كەسوكاری ئەنفالكراوانی گەلەكەمانین بە تایبەتیش لە ناوچەی گەرمیانی پڕ قەیران و مەینەتی, نەباداش لە كاتی یادەوەرییە تاڵەكانی مەرگەساتی ئەنفال.**

بۆیە بە جارێکی دیکە پەیوەندیمان بەو لێژنانەی سەرەوە کرد بۆ ئەوەی پەلە بکەن و ئەو پرۆژە یاسایە بخەنە نێو بەرنامەی نزیکترین دانیشتنی خولی پەرلەمانی کوردستانەوە, تاوەکو ئەو یاسایە بڕیاری لەسەر بدرێت و وەک دیارییەکی پڕ لە دەسکەوت و دڵخۆشکەر لە 14 ی نیسانی 2007 **پێشکەش بە کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوانی کوردستان بکرێت, هەروا بەرێزان لە پەرلەمانی کوردستان هاوسۆزییان پیشان داو ئامادەییان پیشاندا بۆ وەرگرتنی هەر پێشنیارێک یان سەردان کە رێکخراو و کۆمەڵەو کەسوکاری قوربانیان بیانەوێ پێشکەشی بکەن.**

**هەر لەو پێناوەدا ناوەندی چاک پەیوەندی بە ژمارەیەک رێکخراوو کۆمەڵە کردووە , بۆ ئەوەی جارێکی دیکە پێشنیار و راو سەرنجی خۆیان ئامادە بکەن , پاشان لە نزیکترین کات سەردانی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان بکەن بۆ ئەوەی لە نزیکەوە دەربارەی ناوەڕۆکی پرۆژەکەو چۆنیەتی دەوڵەمەندکلردن و ئەکتیڤ کردنی قسەو گفتوگۆ بکەن.**

**هەر لەو پێناوەدا, داوا لە گشت ئەندامانو دۆستانی ناوەندی چاک لە دەرەوەو ناوەوەی وڵات دەکەین , بە پێشنیار و راو سەرنجەکانیان ئەو پرۆژەیە دەوڵەمەند بکەن, دیارە بەو کارە دەتوانین خزمەتێک بە کەسوکاری قوربانییەکانی گەلەکەمان بکەین, چاوەڕوانی هاوکاری هەموو لایەکتانین.**

**ناوەندی چاک ـ کوردستان**

**2007 / 3/ 25**